کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-6-2007 19:47بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دوای ئاریا: بڕوخێ یەکێتی هونەرمەندان و نووسەران، بژی دەسەڵات ... ئاسۆ مەولود

فیلەکەی خاوەن شکۆ، ئەو تەمسیلیە بوو کە ساڵانی حەفتاکان لە تەلەفزیۆنی کەرکوکەوە نیشاندرا، بە کورتی دەلالەتی لە بێهەڵوێستیی خەڵك کردو سەرەنجام پێشڕەوی ئەو کۆمەڵەی کە چوونە لای خاوەن شکۆ، داوای فیلێکی تری کردو کەوتە ڕیایی بۆ فیلەبۆر لە بەردەمی خاوەن شکۆدا.. ئەگەر خەڵکەکە هەڵوێستیان هەبووایە، کابرای پێشڕەو ڕەنگە تیا چووبا.. بەڵام ڕیاکارییەکە بووە مایەی خۆشەویست بوونی لای خاوەن شکۆ و وەزیفەی پێوەرگرت، ئەو ڕقەی پێشڕەوەکەیان لە بێهەڵوێستیی کۆمەڵەکە وایکرد کابرای پێشڕەو داواکاری و تیاچوونی خەڵکی بەدەست فیلەکەوە بیر بچێتەوە.
منیش ئەڵێم:

1- دەستخۆش دەسەڵاتی هەرێم بۆ گرتنی نوسەران و هونەرمەندان تێیان هەڵدەن خۆ بەهیچ شتێك نایەنە دەنگ.
2- دەست خۆش بۆ بڕینی مووچەکانیان، هەرچەند لێرەو لەوێ پرتەو بۆڵەیەك ئەکەن بەس هیچ نییە بڕواتان بێ.
3- دەست خۆش بۆ دابەشکردنی پۆستەکان بەسەر دەزگاکان و پاراستنەکانا، هەر ئەوەتان چاك کرد.
4- دەستخۆش کە دڵی مەلا و قاوەگرەوەکان لە خۆتان نایەشێنن، باوەڕ بفەرموون -مەلا نازانم کێیەك- سەد ئەوەندەی ئەدیب و هونەرمەندێك وەقعیان زیاترەو خەڵکیشیان زیاتر بە دواوەیە، خۆ ئەدیب و هونەرمەندەکە بۆ ئیمتیازات نەبێ نقەیان لێوە نایەت، ئەوە لە مەسەلەی هەڵوێست وەرگرتنا هەموو توێژەکانی وەك: قەسابە بەڕێزەکان و سایەق پاێ و دارتاشەکان و ئاسنگەر و تادوایی، هەر هەموو ئەو بەڕێزانە یەکێتیان زیاتر تیایە وەك لە هونەرمەند و ئەدیب.
5- دەستخۆش بۆ دەرکردنی ئاسۆی جەمالی موختار، با براکەی تێبگا کە حوکمەتەکەمان نەنوستووە و هەر کاتێك بیەوێ لە مار پیستر بەو کەسانەوە ئەدا کە براکانیان شتیان لەسەر ئەنوسن.
6- دەستخۆش بۆ ڕاگرتنی درامای ئاریا، ئەوە ڕۆژنامە نووسەکانن کە لەسەریان هەڵئەدەنێ، هی تریش ڕاگرن.. تەئکیدبن کەس نییە بڵێ لەل.
7- نەسریەی دەزگا ڕۆشنبیرییەکانتان کەمکردەوە دەستخۆش، ئەم قسە قۆڕە چیە نان و ئازادی بۆ نوسەران؟
8- موکافەئەکانیش کەم کرانەوە، هەر دەستخۆش.
9- نازانم ئەوە چی بوو جاران ئەدیبێك و هونەرمەندێکتان کردە ئەندام پەرلەمان.. دەست خۆش کە ئێستە معاشە تەقاعودیەکە ئەدەن بەو دوانەو ناهێڵن هیچ کامێکی تریان لە بینای پەرلەمان نزیك بکەونەوە.. ئاخر توخوا ئەدیب و هونەرمەند و پەرلەمانیان وتوە.. لەوەی بەغا دایان بنێن بەڵکو سا ئەمە خوایە تیرۆریســـ عەفومکەن هاوپەیمانێکی ئایندە خۆی بە سەریانا بتەقێنێتەوە.
10-جاران لەشاخ کەمێك شاعیر و ماعیر و ئەکتەرو مەکتەرتان لە خۆتان نزیك ئەکردەوە، ناڵێم سەهوو بوون ببوورن، ئەڵێم باشبوو دوورتان خستنەوە و ئێستا یەکی دەزگایەکتان بۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کردوونەتەوە، بە ڕاستی ئەوانیش هەر زورناژەنن، هیچیان پێنەکراوەو ناکرێ، ئیتر بۆ نزیکی سەعادەتتان بن. ؟
11-من زۆرم پێیەو کەمی دەرئەخەم، دەستخۆش بۆ هەموو شتێکتان.. بە ڕاستی هونەرمەندان و ئەدیبان جگە لە "حمە رشید هەرەس و چەند گەنجێکی خوێنگەرمی تر" هەمووی سەلمانی کە بێهەڵوێستیان کردووە بە یاری منالان، بۆیە من ئەڵێم: دەستخۆش یەکێتی و پارتی و مەلا و قاوەگرەوە، بڕوخێ یەکێتی هونەرمەندان و یەکێتی نووسەران، بژی دەسەلات.
ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.